## سیاسەتی میحورەکان و ڕۆڵی حزبە کوردییەکان

ئەیوب بارزانی01/04/2021

Source : https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=188306

بەیاننامە هاوبەشەکەی وەزیرانی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو شانشینی بەریتانیاو فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بەبۆنەی تێپەڕینی 10 ساڵ بەسەر تەنگژەی سوریادا، بەدرویەکی گەورە دەستپێکرد بەوەی ئۆباڵی هەموو کارە قێزەوونەکانی ئەو تەنگژەیان خستە ملی بەشار ئەسەد، لەکاتێکدا واقع دەڵێت بەشێکی ئەو خوێنڕشتنە لەئەستۆی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسییە (ناتۆ) بەگشتیو بەتایبەتیش تورکیاو هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەکەنداو.
ئەمریکا زیانێکی گەورەی بەسوریا گەیاندووە، بانکی نێودەوڵەتی مەزەندەی ئەو زیانەی لەنێوان ساڵانی 2011 بۆ 2016 بە 226 ملیار دۆلار کردووە.

لەساڵی 2003وە ناتۆ دەستی لەکاروباری عێراق وەرداوە، ئینجا ڕوویکردە لیبیاو دواتریش لەدوای ساڵی 2011 نۆرەی سوریا هات، کەچی سەرباری ئەو فشارە زۆرەی ئەمریکا ڕژێمەکەی سوریا نەگلاو مایەوە.
ئۆباما یەکەم سەرۆکی جیهان بوو کە لەئابی 2011 داوای ڕوخانی ڕژێمەکەی ئەسەدی کرد، ئینجا سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگری سی ئای ئەی جەنەڕاڵ "دیڤید پترایۆس" دوو سەردانی ئاشکرای لەمانگەکانی مارسو سێپتیمبەری 2012 بۆ تورکیا ئەنجامدا، ئامانجی هەردوو سەردانەکە ڕازیکردنی تورکیا بوو کە لەژێر ناونیشانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا پشتیوانی پرۆژەکەی ئەمریکا بکات لەڕوخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد لەسوریا.

هاوپەیمانانی ئەمریکا وەك سعودیەو قەتەرو ئیمارات بارگرانییە داراییەکەی ئەو پرۆژەی ئەمریکیایان گرتەئەستۆ لەپڕچەککردنو پارەدارکردنی هەزارەها چەکداری جیهادیو ڕەوانەکردنیان بۆ سوریا. دەزگا هەواڵگرییە ڕۆژئاواییە سەرەکییەکانیش پشتیوانی سیاسیو سەربازیو لۆجستییان پیشکەشی ئۆپۆزسیۆنی سوریاو گروپە یاخییەکان کرد، ئەو پرۆژەی ئەمریکاو خۆرئاوا لەلایەن ئیسلامی سیاسی تەکفیریو کۆنەپارێزی عەرەبییەوە پشتیوانی لێدەکراو خستیانە بواری جێبەجێکردنەوە، لەو کاتەشەدا ڕوسیا خەریکی بنیاتنانەوەی خۆی بوو، وڵاتی چین- یش وردە وردە شوێنپێیو ڕۆڵی سەرەکی خۆی لەبازنەی ئابووری جیهانیو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا قایمتر دەکرد، ئێرانیش ملی بۆ فشارەکانی خۆرئاوا نەداو برەوی بەتوانستە سەربازیو پیشەسازیو کشتوکاڵییەکانیدا، ئەمەش وایکرد ڕۆڵێکی گەورەتر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت، ئەمانە سامپێك بوون بۆ دەرچوون لەتاك جەمسەری جیهانی کە هەژموونی ئەمریکای بەسەردا زاڵبوو بەهەموو نەوسنیو چڵێسییەکانییەوە.

دەستتێوەردانی ڕوسیا لەسوریا لەساڵی 2015 هاوکێشەکەی سەرەوژێر کردو پلانەکانی واشنتۆنو هاوپەیمانە جیهادییەکانی هەڵوەشاندنەوە کە لەلایەن هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەهەرێمەکەدا پشتیوانیان لێدەکرا.
لەساڵی 2011 ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گڕی گرتبوو، جەنگە سەربازییەکان گۆران بۆ هێرشی تیرۆرستیو جەنگی بەلەجیاتیو سەپاندنی سزا قورسەکانو سیاسەتی برسیکردنو گەمەکردن بەبەهای دراوە ناوخۆییەکانەوە، هەموو ئەمانە لەپێناو سەرکەوتنی پرۆژە هەژموونخوازییەکی ئەمریکادا بوو.

پرسی کورد بۆ ئەمریکا کارتی فشار بوو بۆسەر چوار دەوڵەت (تورکیا، ئێران، عێراقو سوریا)، ئەم پرسە لەماوەی سەدەیەکی ڕەبەقدا بێ چارەسەر مایەوە، کەڵکەڵەی دکتاتۆریەتو خۆبەزلزانینی نەتەوەییو گرتنەبەری چارەسەرە سەربازییەکان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردەکانو کوردستان – جگە لەعێراق کە دەوڵەتێکی فیدراڵییە- لەبەرژەوەندی ئەمریکاو خۆرئاوادابوون، ئەوانیش زۆر بەباشی پرسی کوردیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان قۆزتەوە؛ سەرەتا پشتیانگرتو دواتریش دەستبەرداری بوون، لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەمریکا ڕژێمی بەعسی عێراقی بەلایەنگری یەکیەتی سۆڤیەت دەزانی، هانی شای ئێرانیدا دژ بەعێراق بوەستێتەوە، لەوکاتەدا واشنتۆنو ئیسرائیل بەناردنی تیمی هەواڵگریو چەکو تەقەمەنی پشتیوانی لەکوردەکانی عێراق لەدژی بەغدا کرد، کەچی کاتێك شای ئێران لەساڵی 1975 لەگەڵ سەدام حوسێن ڕێککەوت، تاران پشتی لەکوردەکان کردو ئەمریکاو ئیسرائیلیش هەمان شتیان کرد.

لەجەنگی دووەمی کەنداو (1990-1991)  جۆرج بۆشی باوك ڕاستەوخۆ هانی هەریەك لەکوردو شیعەکانیدا لەڕژێمەکەی سەدام حوسێن یاخی بن، ئەوانیش باوەڕیان بەبۆشی باوك کرد، بەڵام دواتر ڕژێمەکەی سەدام بەئاگرو ئاسنو زۆر دڕندانە ڕاپەڕینی کوردەکانیان سەرکوتکرد، لەئاکامیشدا زیاتر لەملیۆنێك کورد ئاوارەو دەربەدەری تورکیاو ئێران بوون، لەمەشەوە ناوچەی دژەفڕینی ئاسمانی بۆ پاراستنی کوردەکان دروستبوو، بەمەش کوردەکان گەڕانەوە سەرماڵو حاڵی خۆیانو زۆر بەخێراییش حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند، هێزی سەربازی ئەمریکاش بەپارەو ڕاهێنانو چەکو تەقەمەنی پشتیوانییان لەپێشمەرگەی سەر بەهەردوو حیزبە کوردییەکە (یەکیەتیو پارتی) کرد.

تا ئەمڕۆش سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر کوردەکان ڕوونو ئاشکرانییە، تەنها تاڕادەیەك دەیانپارێزێت، بەڵام هەمیشە بەرژەوەندییەکانی لەسەرووی پرسی کوردەوە دەبینێت، بۆیە هەمیشە پشتی حکومەتەکان دەگرێت دژ بەکوردەکان، کاتێکیش حکومەتەکان دژ بەپرۆژەکانی ئەمریکا دەوەستنەوە، واشنتۆن کارتی کوردییان بەڕوودا بەرزدەکاتەوە، ئەمەش چەندەها جار لەعێراقو سوریادا ڕوویداوە، تەنانەت لەو

ماوەی پێشوودا کاتێك بارگرژییەکان کەوتنە نێوان ماکرۆن‌و ئەردۆغانەوە، فەرەنساش کارتی کوردی دژ بەئەنقەرە بەرزکردەوە، لەولاشەوە تورکیا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك کارتێکی فشار دژ بەبەغداو پەکەکەو یەکیەتی‌و یەپەگە بەکاردێنێت.

بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق‌و سوریا وایکردووە جۆرێك لەهەماهەنگی لەنێوان واشنتۆن‌و هێزو لایەنە کوردییەکان دروستبێت، هەر لەسەرەتاشەوە هەرێمی کوردستان خۆی ڕادەستی ئیرادەی تورکیا کرد. ئەنقەرە یەکینەکانی پاراستنی گەل بەدوژمنە سەرەکییەکەی خۆی دەزانێت، لێرەوە تورکیا گلایە نێو بازنەی ململانێیەکی ڕوون‌و ئاشکرا دژ بەئەمریکا، ئیدارە سەربەخۆکەی کوردستانی خۆرئاوا لەسوریا نەچوونە ژێرباری ئەنقەرەوە، بۆیە تورکیا بەبیانووی پاراستنی سنورەکانی‌و دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی سەربەخۆ کەوتە دژایەتیکردنی ئیدارە سەربەخۆکەی ڕۆژئاوای کوردستان.

واشنتۆن‌و هاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی لەهەوڵی ئەوەدان نەیەڵن کوردەکانی سوریا لەدیمەشق نزیکببێتەوەو لەگەڵی پێکبێت، ئەمەش تائەوکاتە بەردەوامدەبێت کە ئامانجە جیۆسیاسییەکانیان لەسوریا دێتەدی، ئامانجی سەرەکیشیان شکستپێهێنانی سیاسەتەکانی ڕوسیایە کە دەیەوێت کوردەکان‌و دیمەشق بگەنە ڕێککەوتنێك، گومانیش لەوەدانییە کە بڕیارسازە ستراتیژییە ئەمریکییەکان بەگرنگی دەزانن کارتی فشاری زۆریان لەژێر دەستدا بێت، ئامانجیشیان سەپاندنی پرۆژەکەی خۆیانە لەناوچەکەدا، لەلایەکی دیکەشەوە ئامانجیان شکستپێهێنانی بەرەی بەرەنگارییە کە ڕوسیاو ئێران‌و یەمەن‌و سوریاو حزبوڵای لوبنانی ڕابەرایەتی دەکەن.

لەو گێرمەو کێشمە هەرێمی‌و نێودەوڵەتییە گەرموگوڕەدا لەسوریاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کوردەکان مەودایەکی باشی چارەسەر یان ئاڵۆزبوونی کێشەکانیان بەدەستەوەیە، بەڵام دەبێت کۆششی کوردەکان بەرئەنجامەکەی هێنانەدی مافە ڕەواکانیان بێت نەوەك ببنە دەستکەلای هێزە دەرەکییەکان‌و وەك کرێگرتەیەکی چەکدار بەکاریان بێنن‌و بکەونە خزمەت پرۆژەی ئیمپریالیزم لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لەوەش گرنگتر بۆ کوردەکان ئەوەیە کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەزەلکاوی پاشکۆبوون بۆ تورکیا دەربازبکرێت کە لەئێستادا بەپێوەدانگێکی خێزانی‌و هۆزگەرایی هەرێمەکە بەڕێوەدەبەن، ئەمەش تەنها کاتێك ڕوودەدات کە هەماهەنگی تەواو لەگەڵ حکومەتێکی نیشتمانی عێراقی دڵسۆز بکرێت لەبەغدا.

هێزە کوردییەکانی سەر گۆڕەپانی سوریا خاوەنی خۆیان‌و سەربەخۆن، گەلی کوردی سوریا بەرژەوەندی لەوەدانییە لەململانێ هەرێمی‌و نێودەوڵەتییەکانەوە تێوەگلێت، بەدووری دەزانم ئەمریکا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارە کوردییە سەربەخۆکەی سوریادا دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی بێت لەگەڵ تورکیا، پێشموانییە ئەمریکا بتوانێت تورکیا بەوە ڕازیبکات کە دان بەبوونی گەلی کوردا بنێت لەپارچەیەك لەپارچەکانی کوردستان.

بۆیە باشترین ڕێگەچارە بژاردەیەکی مامناوەندە لەنێوان ئەو دوو بژاردەدا بەوەی ڕێخۆشکەری بکات بۆ ڕێککەوتنی نێوان ڕژێمەکەی ئەسەدو ئیدارە سەربەخۆ کوردییەکەدا، بەتایبەتیش کە کوردەکان ئەفسانەی داعشیان تێکشکاندو میدیاکانی جیهانیش گەواهی بۆ ئەو نەبەردییەی کوردەکان دەدەن، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت کە حکومەتی سوریا بەڕووی کوردەکاندا بکرێتەوەو ئەقڵمەندانە ڕەفتاربکاتو پێیان بڵێت:"ئێوە بۆ گەیشتن بەمافەکانتان پێویستیتان بەئەمریکی‌و ڕۆژئاواییەکان نییە، وەرن با لەسەر هەموو شتەکان ڕێکبکەوین، نیشتمانێك بنیات بنێین بۆ هەمووان بێتو لەمافو ئەرکدا یەکسان بین‌و تیایدا شکۆمەندبین‌و بەر بەدەستتێوەردانە دەرەکییەکانیش بگرین."

پوختەی قسەو پرسیارە جەوهەریەکەش ئەوەیە:
ئاخۆ لەدوای ئەو هەموو کارەساتوماڵوێرانییە کە سەدەیەکە بەردەوامە، ئەقڵی سیاسی ڕۆژهەڵاتی بای ئەوە پێگەیشتووەو پەرەیسەندووەو سوودی لەئەزموونی مێژوو وەرگرتووە تاوەکو دەست بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکات کە (مامۆستا ئەنیس نەقاش)ی کۆچکردوو لەپەرتووکی "کۆنفیدڕاڵییەتی ڕۆژهەڵاتی"دا بانگەشەی بۆ کردووە؟ ئایا سەرەتای ئەو پرۆژەیە لەدیمەشقەوە سەرهەڵدەدات یاخود لەپایتەختێکی دیکەوە؟